# دەستکەوتەکانی دوای بە پارێزگا بونی هەڵەبجە

هەڵەبجـەی شـەهید وەك ناسـراوترین قـەزای ئیـداری لـە هـەرێم و عێـراقیش بـە هـۆی ئـەو زامـە قوڵـەی لـە جەسـتەیدا هەیـە لـە ڕووی مەرگەسـاتی کیمیابـاران لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە لایـەن ڕژێمـی بەعســەوە وەك ئیمتیــازێکی زیــاترو داواکــاری دانیشــتوانی ســنورەکە پــڕۆژەی بــە پارێزگــاکردنی لەلایـەن حکومـەتی هەرێمـەوە دراوە بـە ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێـراق و ئـەوانیش بـە پـڕۆژە یاسـایەك دایان بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەری.

ئێمـە لـەم نوسـراوەدا لەسـەر دیـارترین ئـەو دەسـتکەوت و ئیمتیازانـە دوەسـتین دوای بـە پارێزگـا بـوونی هەڵەبجـەی شـەهید بـە دەسـتی دەهێنیـت لەگـەڵ سـەرەنجەکانمان لەسـەر وەهـا پرسـێکی گرنگ.

**پێشەکی:**

١. پرۆژەیاســای پارێزگــای هەڵەبجــە لــە دەســەڵاتی ئەنجومــەنی نوێنــەرانی عێراقــە و پــاش پەسـەندکردنی دەبێـت لەلایـەن سـەرۆکایەتی کۆمـارەوە مەرسـومی بـۆ دەربچـێت و پاشـانیش سەرۆکایەتی هەرێم مەرسومی بۆ دەربکات.

٢. ژمــارەی دانیشــتوانی ســنوری پارێزگــای تــازە بەســەرجەم قــەزا و ناحیــە و گوندەکانــەوە (٣٣٧٠٠٠) کەسە.

٣. کورسـیەکانی ئـەم پارێزگـا تازەیـە (ئەنجومـەنی پارێزگـا) بـەهۆی ئـەوەی ژمـارەی دانیشـتوان لـە چـاو تـەواوی پارێزگاکـانی تـری عێراقـدا کـەمترین ژمارەیـە ئـەوا کـەمترین کورسـی دەبێـت بـەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (٢٥) کورسی دەبێت.

٤. دەبێـت کۆمسـیۆن بـۆ هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـان مەرسـومێکی لەبـەر دەسـت بێـت لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە بـە دیـاریکردنی ڕۆژێـك بـۆ هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی ئـەو پارێزگایـە و بـە(یاسـای ژمـارە ٤ ی سـاڵی ٢٠٠٩)کـە بـەم یاسـایەش هەڵبـژاردنی سـێ پارێزگاکـەی تری هەرێم بەڕێوەدەچێت.

**گرنگی بڕیارەکە :**

١. ژمارەی پارێزگاکانی هەرێم زیاد دەبێت .

٢. ژمارەی کورد نشین لە سنووری پارێزگاکان ڕوو لە زیاد بوون دەکات وەك دانیشتوانی بنەڕەتیو هەروەها نیشتەجێکان .

٣. پاداشتی مەعنەویو دارایی یە بۆ خەڵکی ناوچەکە.

٤. ئیسلامیەکان لە سنورەکە ژمارەیەکی بەرچاون کە هەموو لایەنە ئیسلامییەکان بەیەکەوە دەبن بە هێزی دووەم.

دەستکەوتەکان :

یەکەم / لەڕووی یاساییەوە :ـ

١. سەرۆکایەتی دادگای إستئنافی پارێزگاکە دەکرێتەوە .

٢. زەوی بێ تاپۆی سنورەکە تاپۆ دەکرێتو فەرمانگەکانی تۆماری خانوبەرە ئەکتیڤ دەکرێت .

٣. لە قەزاکانی سنورەکەدا دادگا دەکرێتەوە بە شێوەیەکی فراوانتر لەگەڵ دادنووس سنووری ناحیەکاندا.

٤. ئیلزامی حکومەتی عێراقی ئێستا دەکات کە قەرەبووی زیانەکانی کیمیا باران بکاتەوە چونکە بەرپرسیارە لە هەموو مامەڵەیەکی حکومەتی پێشوو .

دووەم/ لە ڕووی ئیداری یەوە :

١. بەڕێوەبەرایەتییە گشتی یەکان لە سنوورەکەدا دەکرێنەوە .

٢. ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی دەبێت .

٣. دوای پەیڕەو کردنی سیستەمی لامەرکەزی دەتوانێت چاودێری ووردی سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری سنورەکە بکات .

٤. دەسەڵاتی هەیە کە ناوچەکە وەك (ناوچەیەکی گەشتیاری) بناسێنێت

٥. دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات کە زانکۆی سەربەخۆو پەیمانگای زیاتر لە سنوورەکەدا بکرێتەوە .

**سێیەم/ لە رووی ئابوریەوە:**

١. مشمول دەبێت بە بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان (تنمیه الاقالیم).
٢. دەسەلاتی پێشکەش کردنی پرۆژەو وەرگرتنی تەندەرات ومینحەی پارێزگاکانی لە بودجەی گشتی هەرێم دەبێت.
٣. دوای دۆزینەوەی سەرچاوەکانی ووزە لە ناوچەکەدا دەتوانێت بە سیستمی (پترۆدۆلار)شمول بێت.
٤. دەتوانێت داواکاری مەرزی نێودەولەتی بکات.
٥. لقی بانکی جۆراجۆر لە سنورەکە دەکرێتەوە.
٦. وەك لە توێژینەوەیەکدا هاتووە دەتوانێت ١٠ جۆر کارگە لە سنوورەکە بکرێتەوە وەك سەرمایەی سروشتی ناوچەکە و زیادکردنی هەلی کار.
٧. سەرمایە گوزاری بیانیو ناوخۆیی بۆ وەبەرهێنان ڕوو لە سنووری پارێزگاکە دەکات.

**چەند سەر نجێکی گرنگ:**

١. چەند لایەنێك بە بریاری بە پارێزگابوونەکە لە هەرێمدا ناڕەزاو قەلسن وە( بزوتنەوەی گۆڕانو یەکێتی) ئەمەش بەهۆی کەمبونەوەی سنوری ئیداریو دانیشتوانی شاری سلێمانی کە گۆڕان ژمارەیەکە لە سنورەکەدا.
٢. بەهۆی زۆری دەنگی ئیسلامیەکانو ئەو مێژووەی خەلکی ناوچەکەو لە ئامێزگرتنی ڕابوونی ئیسلامیی وا چاکە کە کۆمەلی ئیسلامیی تەبەنی ئەم رووداوە بکات وبایەخی خۆی بخاتە سەر و بە ئەرکی خۆی بزانێت لە دلخۆش بوونی بە پرسەکەو سەرکەوتنی.
٣. لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە سەرنەگرێت، ئەوا دەاتوانرێت شارەکە وەك پارێزگایەکی گەشتیاری(سیاحی) بکرێتەوە.
٤. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێت پشتیوانی گەورەی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بێت بە ئاسانکاریی مەرزیو هاوکاری لە بوارەکانی فیزەو ئیداریدا.
٥. مەترسی ئەوە هەیە کە پارتی لە بەرامبەری هەلەبجەدا داوا بکات کە(زاخۆ یان ئامێدی) بکرێتە پارێزگا. هەروەها مالیکی پارێزگاکانی تری عێراق(لە ناوچە شیعەنیشنەکاندا) زیاد بکات.

**دانا دارا حسێن**

**(ڕاوێژکاری یاسایی ناوەندی هەلبژاردن)**